# دادگایکردنی سەددام، یا دادگایکردنی دەوڵەتی ئێراق؟

ئەم چەند لاپەڕە لە٢٠٠٤/٧/١٦ لە چەند سایتی کوردیدا بڵاو کرایەوە، هیوادارم یارمەتیم بکەن دووبارە بڵاو بکرێتەوە. ئارەزومەندم سایتی زۆرترمان هەبێت.

سەعی سەقزی قایشی
٢٠٠٥/١٠/٢١



وێنە لە ڕۆژنامەی (metro) Stockholm



الثورة

الصاروخ ١٠٠ على طهران

طائراتنا تدك ٣ مدن ايرانية

١٦٥ طلعة للفرسان تلحق العقاب الصارم بالمعتدين

اسقاط طائرة معادية اغارت على اربيل

ڕۆژی ٢٠٠٣/١٢/١٤ هەواڵی گرتنی(سەددام حسێن) بوو بەسەردێڕی ماسمێدیای جهانی. ڕۆژی ١٢/١٥ یش هەواڵەکە بەو جۆرەبڵاو کرایەوە:

{( **سەددام حسێن بە هاوکاری سەبازە ئەمریکییەکان و(PUK) گیرا.**).

ڕۆژنامەی‹City- Stockholm›}.

پاش حەوت مانگ، لە ڕۆژی پێنچ شەمە ٢٠٠٤/٢/١ سەددام لە بەغا برایە دادگا و لە لایەن قازییەکی ئێراقییەوە کەوتە ژێر لێرسینەوە و ئەو حەوت خاڵەی خوارەوەیان پێ ڕاگەیاند، کە ئەنجامی داوە:

{(**١ـ قتل و عام انفال در اواخر دهه ١٩٨٠ـ ٢ حمله شیمیایی به حلبچه١٩٨٨ـ ٣ حمله به کویت ٤ قتل عام شیعیان و کردها ١٩٩١ ـ ٥ قتل عام فعالان سیاسی در طول سه دهه اخیرـ ٦ قتل عام کردهای پیرو بارزانی دهه ١٩٨٠ـ ٧ قتل رهبران** مذهبی **١٩٧٤**)

سەرچاوە‹ شهروند ـ تورنتو ژمارە ٩٠١›}.

لەو حەوت خاڵە، خاڵەکانی ١ـ ٢ـ ٤ و ٦ پێوەندی بە گەلی کوردەوە هەیە. با بەکورتی سەرنجێ لەو دادگایەی کە بۆ سەددام و ... بەرپا کرا بدەین. قازی دادگا لە خاڵی یەکەمدا باسی ئەنفال ئەکات، بەڵام باسی ئەوە ناکات کە ئەنفال لە کوێ ئەنجامدراوە. بە پێی دێکۆمێنتە ڕەسمییەکانی دەوڵەتی ئێراق، ئەنفال لە کوردستان ئەنجام دراوە!

ئەو چوار خاڵەی کە باسی ئەنفال و شیمیاباران و بارزانییەکانی تێدا هاتووە، ئەوانە هەموویان پێوەندیان بەو کەسانەوە هەیە کە مردوون و لە ژیاندا نەماون، دیارە نابێت ئەو تاوانە فرامۆش بکرێت! دەبێت لە چارەنووسی ئەوانە بکۆڵرێتەوە! بۆ من وەک خوێنەرێکی دیکۆمێنتی دادگاکە ئەوە جێگای پرسیار و سەرنجە کە بۆچ لەو داگاییەدا تاوانی تەعریب و راگوێزانی گەلی کورد پشت گوێ خراوە؟!
لە خاڵی ٣ی دادگاکە بەئاشکرا باس لە لەشکرکێشی دەوڵەتی ئێراق بۆ کوێت، کوێتێک کە بە پێی دەنگ و باسی ماسمێدیای جهانی ٦١٢ کەسی لێ کوژراوە دەکرێت، بەڵام باسی لەشکرکێشی ئێراق بۆ کوردستان کە بە مەبەستی تەعریب و راگوێزانی گەلی کورد بووە ناکرێت. راستی هۆی ئەو بێدەنگییە دادگا دەبێ چی بێت؟ بۆ دەبێت پەروەندە و فایلێک بۆ ئەو تاوانە مەزنەی دەوڵەتی ئێراق کە لە کوردستاندا هەستاوە بەپاکتاو کردنی رەگەزی و گەلی کوردی لە ماڵ و مەئەوای خۆیان وەدەر ناوە و عەرەبی لە جێگای ئەوانە نیشتەجێ کردووە، دروست نەکرێت.
بەپێی ئەو پرۆسە سیاسییەی دەوڵەتی ئێراق ئابووری کوردستان، پلە و پایەی کەسایەتی مرۆڤی کورد زیانێکی مەزنی پێگەیشتوە! ئایا ئەوە بۆ ئەوە نەدەبوو کە لە خاڵەگرنگەکانی دادگادا دابنرێت و وەک تاوانێکی مەزنی دەوڵەتی ئێراق بە سەددام و هاوکارانی رابگەیەنرێت؟

## دادگای ئێراقی. یا دادگای جهانی؟

وەک ئەزانین هەر وڵاتێک یاسای خۆی هەیە، ئەو یاسایە هەر چەندە دادپەروەرانە و راستە قینەیش بێت، بەڵام لە پێناو بەرژەوەندی ئەو وڵاتەی کە بۆی نووسراوە دەبێت، کەوایە ئێراقیش یاسای خۆی هەیە و قازییەکانی ئێراقیش بە پێ ئەو یاسایە کار دەکەن.
جێگەی داخە لە دنیای ئەمرۆ دادپەروەری و راستگۆی و مافی مرۆڤ، لە زۆربەی وڵاتەکانی جهاندا پێچەوانە پیادە کراون و هەموویان بۆ چاوبەستنی ئێمەی مرۆڤ بەکار دەبرێت، دەبێ ئەوەیش بزانین دادگای ئێراقی و قازی ئێراقی چۆن دەتوانێت دەوڵەتی ئێراق دادگای بکات و ئەو کارانەی کە دەسەلاتدارانی ئێراقی لەپێناو بەرژەوەندی دوا رۆژی ئێراق لە کوردستاندا ئەنجامیان داوە بخاتە ژێر میکرۆسکۆپی داد و دادپەروەرانە لێی بکۆلێتەوە.
بە پێی دەنگ و باسی ماسمێدیای جهانی زیاتر لە هەزار دادوەر(قازی) خۆیان ئامادە کردووە کە ببن بە پارێزەری سەددام و ... .
دیارە کەسانێک کە ببن بە پارێزەی سەددام و هاوکارانی سەددام، قەت رێگا نادەن باسی مافی کورد و کوردستانی تالان کراو، وێران کراو بکرێت، ئەگەریش باسی بکرێت وەک تاوانبار ناوی دەبەن و پشتیوانی لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئێراق لە کوردستاندا ئەکەن!

جێگەی داخە لەم بارودۆخەی کوردستاندا دەبینین رابەرەکانمان تکا و داخوازیان ئەوەیە کە کورسییەکی ئێراقیان پێ بسپرێن. کەوایە با چاوی ئومێد نە برِینە ئەوان!

## دادگای جهانی

ئەوەی کە دەتوانێت بەرگری لە مافی گەلی کورد و کوردستان لە بەرانبەر تاوانکارییەکانی دەوڵەتی ئێراقدا بکات، دادگایەکی جهانییە! لێرەدا جێگای خۆیەتی کە دادوەر(قازی)یە کوردەکان لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان داوای دادگایەکی جهانی بکەن بۆ لێپرسینەوە لە تاوانەکانی دەوڵەتی ئێراق لە کوردستاندا!

***

بۆ ئاگاداری، لەو مانگەدا کە سەددام گیرا، نووسراوەیەکم سەبارەت بەم باسە رەوانە کرد بۆ رۆژنامەکانی(کوردستانی نوێ)و(خەبات) بەداخەوە چاپیان نەکرد، منیش لە نائومیدا رەوانەم نەکرد بۆ سایتەکان!

ستۆکۆڵم ٢٠٠٤/٧/١٦